# حوكمی مەسح كردن لەسەر خوف بۆ ئافرەتـان

[ kurdish – كوردی – كردي ]

**دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم المسح على الخفين للنساء

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی مەسح كردن لەسەر خوف بۆ ئافرەتان

**پرسیار:** ئایا ئافرەتانیش بۆیان هەیە وەك پیاوان مەسح لەسەر خوف بكەن ؟

**وەڵام:** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان پیاوان و ئافرەتاندا سەبارەت بە حوكمی مەسح كردن لەسەر خوفەكان، هەروەك چۆن بۆ پیاوان ڕێگا پێدراوە، بە هەمان شێوەیش بۆ ئافرەتانیش ڕێگا پێدراوە، بەو مەرجانەی كە زانایانی ئیسلام باسیان لێوە كردووە، كە پاشتر باسیان دەكەین .

ئاشكرایە مەسح كردن لەسەر خوف یەكێكە لەو ئاسانكاریانەی كە شەریعەتی ئیسلام بۆ شوێنكەوتوانی دایناوە، ئەوەتانێ خوای گەورە فەرموویەتی :﴿ مَا يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ ﴾ [ المائدة

: ٦ ] واتا : خودا کارتان بۆ ئاسان و سووك دەكات و، نایەوێت تووشی نارەحەتی و زەحمەتتان بکات .

وە لەجێگایەکی تردا فەرموویەتی: ﴿ يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلۡيُسۡرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلۡعُسۡرَ ﴾ [ البقرة : ١٨٥ ] واتا : ئەی موسڵمانینە!.. خودا ئاسانکاریی و بارسووکیی بۆ ئێوە دەوێت و، نایەوێت تووشی نارەحەتیتان بکات .

**چۆنیەتی مەسح لەسەر خوفەکان و مەرجەکانی :**

ـ ( خوف ) : پێویستە حەلاڵ و پاکبن و، بگەنە شوێنی فەرزی شۆرینی پێ و، بۆ خۆشیان بەقاچەوە بووەستن و دوای دەستنوێژیش لە پێ بکرێن.

ـ چۆنیەتی مەسح کردن: دەست بەئاوەکەدا دەکرێت، پاشان یەکجار مەسحی دیوی دەرەوەی سەرپێیان دەکرێ، واتە: ژێر و پاژنەیان مەسحیان ناوێت.

- راگوزەر ( موسافیر) بۆی هەیە، سێ شەوو سێ رۆژ، مەسحی (خوف) بکات، نیشتەجێ (مقیم)یش، شەوو رۆژێك.

-کاتەکەشی لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە پاش لەپێ کردنیان ئەو کەسە بێ دەست نوێژی بەسەردا هاتووە .

- هەرکاتێك ( خوفەکان ) یەکێك لەم چوار شتەی لێ پەیدابوو، ئیتر کاریان پێناکرێت :

یەکەم / لە پێ داکەندنیان .

دووەم/ غوسڵی واجب سەر پۆشەرەکەیان بێت .

- دڕان و کونیان تێبوونیان .

- ماوەکەیان ( واتە: سێ رۆژەکە، یان شەوو رۆژەکە) تەواو بوو.

- مەسح کردن بە سەر گوێرەویدا، ئەگەر هاوینیش بێت دروستە، چونکە گشتێتیی فەرموودەکان، وا دەگەیەنێت.

بەلای زۆرێك لە زانایانەوە وایە نابێت مەسح بەسەر گوێرەوی ناسك و دڕاودا بکرێت، واتە: بەو مەرجە مەسحیان دەکرێ، قاییم بن و داپۆشەری جێگەی فەرز بن.

خوای گەورەش زاناترە .